✍️ گەشتیار کەوڵۆسی

سەبارەت بە ئاوەدانیی شار و ڕازاندنەوەی شەقام و هەر ویستێك بۆ ڕێزگرتنی هاوارەکانی خەڵك، هیچ ترووسکەی نییە، جگە لە بچووککردنەوەی مرۆڤ خۆی. هێزێك ئیش لەسەر وێرانکردنی ناوەوە و بونیادی مرۆڤ بکات، عیزەتی ئینسان بچووك دەکاتەوە بۆ سادەترین مافی خۆی، شتێك نامێنێتەوە بە ناوی شکۆ و ئومێدی گەورە.



گەر دەسەڵاتێك برین لە دوای برین بدۆزێتەوە، بۆ داپۆشینی ناشیرنی لە دوای ناشیرنی، دەبێت لەم حاڵەتەدا ڕێز لە (ژیان) بگیرێت، هەمیشە قسە و باس لەسەر بونیادی مرۆڤ بکرێت. دیارە بارودۆخەکە بابەتی هات و نەهات نییە، نادادی و ئیفلاسبوونی ئیداری نییە، بەڵکو جەنگی ڕاگرتنی هاوسەنگیی (مرۆڤ)بوونە، بەرقەرارکردنی هیممەت و هێمنیی جەوهەری مرۆڤبوونە. لە حاڵێکدا گەر گەڕانەوەش بێت بۆ چاخە دێرینەکان، بۆ نەبوونی ئاگری پێویست و شوێن و ڕێی شارستانییەت، شتێك کە زۆر گرنگ و زۆر جێی بایەخە، بەخشینی هێزە بە لاوازی، بەخشینی ئیرادەیە بە نائومێدی.

ئەو ویستەی کە هەیە بۆ برسی کردن، هەر ئەو ویستەیە بۆ تەسلیمبوون و بەکۆیلەکردن. دیارە بە کۆیلەکردن سەرەتایەکی ترسناکە بۆ بچووککردنەوەی مرۆڤ لە شار و هەرەێمەکەی خۆی. مرۆڤ یەکەمین و باشترین موخاتەبی خوایە، لە کاتێك ڕێگە دەدات مرۆڤ لە ئاسمانەکان و زەوی گەورەتر بێت، بۆیە کەمتر لەم ڕێزە بۆ مرۆڤ؛ لادانی تەواو بێ مانا و شەرەمەزارییە. دەبێت خۆشویستن و ڕێزگرتن لە مرۆڤ سەرەتا و کۆتایی هەموو لەدەرگادانێك بێت.

ئەوەی لە پشتی ڕووداو و شەپۆلەکانەوەیە، تەنها بۆ داپۆشینی ڕووە جوانەکانی مرۆڤە. لە مێژوودا هەمیشە کەمینەیەك بە ناوی سیاسەت و کۆکردنەوەی هێز لە دەوری خۆیان، هەر جارەو بە ڕووی جیاواز جیاواز جەنگیان هەڵگرساندووە، جا ئەم جەنگە سارد یان گەرم بێت، بۆ سەرقاڵکردن و بەقوربانیکردنی زۆرینە بووە، ئەمە لە ئاستە جیهانییەکەشدا هەر یەك یاسا و یەك دەستوورە.

هێزە گەورەکان هێزە بچووکەکان ڕام دەکەن و دەیانجووڵێنن، بە ویستی خۆیان ڕووداوێك لە شوێنێکی جیهان تۆخ دەکەنەوە و لە شوێنێکی تری جیهان سەدان

ڕووداوی دیکە فەرامۆش دەکەن. واتە بۆ ئازاردانی مرۆڤ ڕووداوێك نیشان دەدەن، بەڵام بۆ بەرژەوندیی خۆیان ڕووداوەکانی دی دادەپۆشن.

لێرەدا ئەوەی گرنگە؛ هۆشیارییە. ئەم هۆشیارییە لە دێیەکی بچووکدا بێت، یان شارێکی گەورە، یەك شتە، بەو مەرجەی کەسەکان و هێزەکان کۆمەکی یەکتر بکەن. بونیادنانی کەسایەتیی (مرۆڤ) بە کاکڵە و ناوەرۆکەوە، زۆر لە پێشی دروستکردنی هەر دامەزراوەیەکی ئیداری و سیاسییەوەیە، ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر مەبەستی سەرەکی خودی مرۆڤ خۆی بێت. بۆ هەر دۆخ و واقیعێ، بەها و شکۆی ئینسانی یەکەمین هەنگاوە بۆ بونیادنان و بەرجەستەکردنی هەر دروشمێك بە ناوی دەوڵەت و دەسەڵاتەوە!

کاتێك لە بەردەمی تابلۆکەی بڕیاردا دەوەستی و پێی دەڵێی: هەر دوێنێ بوو لەسەر ئەم جادەیە لەگەڵ هاوڕێکانت هاوارت دەکرد بۆ زانست و ئاوەدانی. هیچ قسەیەکی تری نییە، جگە لەوەی دەڵێت: ئەم ڕێگەی من هەمان ڕێگەی درێژکراوەی هێمن و چنارە، ئەمە دووبارەبوونەوەی مێژوو نییە، بەڵکو بڕینی قۆناغ بە قۆناغی ئامانجە. قوربانیی یەکەم هەنگاوی سەرەتایی خوێندن، قوربانیی دووەم قۆناغی کۆتایی، لێرەدا مەبەست لە جووڵە و ڕووە جوانەکانی شارە لەسەر ڕەوتی خوێندن و ڕەنجدان بۆ ئایندەیەکی باشتر. ئەمە لەکاتێکدا بەپێی مێژوو، هەم ڕووداو و هەم قوربانی، جیاوازییەکی گەورەی هەیە.

ئەم شارەش بەو هەموو فەرامۆشی و بێ خزمەتییە، ئەم ڕەوتەی خۆی بەرنادات، بەو هەموو ئاپۆڕەی هاوار و ئازارە، بەو جەوهەرە بریندارەی هەیەتی، بەو ئێشەی هەیەتی بۆ قوربانییەکانی، لە هەناویا جورمی شۆڕش هەر ئامادەیی هەیە.

ڕەنگە هێزێك بتوانێ دەنگەکان و ڕەنگەکان لە شوێنی خۆیاندا بگۆڕێ، ڕەنگە ماف بگۆڕێ بە ئەرك، داوا بگۆڕێ بە تکا، ئینتیمای هەرێمێك بگۆڕێ بە ئینیمای خود، ژیان بگۆڕێ بە تامی مردن، بتوانێ هێواش هێواش بە ویستی خۆی بە هێزی ماددی دەستکاریی ناوەوەی نەیارەکانی بکات و ساڵ دوای ساڵ ئیرادەی ژیانێکی باشتر لە وجوودیانا بمرێنیت. ئەم جۆرە هێزانە ڕۆژێك بە کۆمەڵێك وێنەی بریقەدار سەرقاڵت دەکەن، ڕۆژێك بە وێنەی ترس و بیم نائاگات دەکەن، دۆخەکان دەقۆزێتەوە و لە جەنگدا خوێنی شەهیدەکانی خۆت وەك شانازی پێ دەفرۆشنەوە، لە قووتی زیندووەکان پەیکەر بۆ مردووەکانت دروست دەکەن، وێنەی شەهیدەکان وەك ڕەمزی حیزبی پیشانی هاونیشتمانییانی خۆیان دەدەن، ساڵ بە ساڵ ئەم جۆرە لە بەڕێوەبردن گەر فەزا گشتییەکە نەگۆڕێت، دەتوانێ درێژە بە هەر ئەگەرێکی دڵخوازی خۆی بدات.